# سیستەمی سەربازی لە میرنشینی باباندا

**بەختیار مصطفی هۆمەر**

ئامادەیی حاجیاوا، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: Baxtyarmustafa2@gmail.com

## پوختە:

میرنشینی بابان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، کە چەندین جار بە قۆناغەکانی بەهێزی و پوکانەوە و هەستانەوەدا ڕۆیشتووە، بە درێژایی ئەم قۆناغانەش سیستەمی سەربازییەکەشی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە میرێکەوە بۆ میرێکی تر تاڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام بەگشتی بایەخدانی میرانی بابان بە بواری سەربازی هەر پەیوەست نەبووە، بە هەندێکیانەوە، بەڵکو هەرکامێکیان هەلیان بۆ هەڵکەوتبێت ویستوویانە سوپایەکی گەورە و تۆکمەیان هەبێت بۆئەوەی بەرگری پێ لە خۆیان بکەن و سنووری میرنشینەکەشی پێ فراوان بکەن، کە ئەم هەنگاوەشیان هەمیشە ڕووبەڕووی دژایەتیکردنی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی بۆتەوە، چونکە ئەم دوو دەوڵەتە هیچ کاتێک نەیان ویستووە میرنشینی بابان سوپایەک و فەرمانڕەوایەکی ئەوەندە بەهێزی هەبێت کە ببێتە مایەی هەڕشە بۆیان.

بۆیە لەو سۆنگەیەوە هەردەم میرنشینەکە لەبەردەم هێرش و پیلانگێڕییەکانی ئەم دوو دەوڵەتەدا بووە، جا چ بە پەلاماردانی ڕاستەوخۆ یان هەڵخەڵەتاندن و بەکارهێنانی ئەندامانی بنەماڵەی میرانی بابان بوو بێت دژی یەکتری، یاخوود دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان میرنشینە کوردیەکاندا، هەروەها هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتیکی میرنشینی بابانیش، کە کەوتبووە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی میرنشینەکە هەموو کات بکەوێتە نێوان بەردەشی ناکۆکیە سنووریەکانی هەر دوو دەوڵەتەکە و میرنشینی بابان بکەنە مەیدانی ساغ کردنەوەی ململانێکانیان، زۆرترین کاتیش نائارامی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی و سەربازی ڕوو لە میرنشینەکە بکات. ئەو بارودۆخە هۆزایەتی و دەرەبەگایەتیەی لە کوردستانیشدا باوبوو، کاریگەر بووە لە ڕەنگ ڕێژکردن و

پێکهێنانی سوپای میرنشینی باباندا، بە جۆرێک چەکدار و سوارەکانی خێڵە کوردییەکان بڕبڕەی پشتی سوپاکەیان پێکدەهێنا.

باسکردن و توێژینەوە لەسەر سیستەمی سەربازی میرنشینی بابان، بابەتێکی گرنگە و ئاوڕێکی ئەوتۆی لێنەدراوەتەوە، زۆر لەو سەرچاوانەی باسیش لە مێژووی میرنشینی بابان دەکەن کەمترین ئاماژەیان بەلایەنی سەربازییەکەی کردووە، بۆیە بە پێویست زانرا (سیستەمی سەربازی لە میرنشینی باباندا) بکرێتە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، بەگرتنەبەری میتۆدێکی مێژوویی شیکاری، بەمەبەستی پڕکرنەوەی کەلێنێک لە مێژووی ئەو میرنشینە کوردیەدا کە ئامانجێکی گرنگی توێژەرە، بە ئومێدی کەڵک لێوەرگرتن و دووبارە نەکردنەوەی ئەو هەڵە و کەموکوڕییانەی کە لە سیستەمی سەربازی میرنشینی باباندا هەبووە چونکە بارودۆخی سەربازی ئێستای باشووری کوردستان تاڕادەیەکی زۆر لێکچون و لێک نزیکی لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاتەی میرنشینی باباندا هەیە، بەڵام ئەوەی گرفتی بۆ توێژەر دروست کردووە کەمی و قوڵنەبوونەوەی باسکردنی مێژوونوسان و سەرچاوە مێژووییەکانە لەسەر جۆری چەک و هونەری شەڕکردن لە میرنشینەکەدا. سەرباری ئەوانەش کە باسکران هەوڵدراوە توێژینەوەکە ئامانجەکەی خۆی بەدیبهێنێت و هێڵەگشتیەکانی بابەتەکە شیبکاتەوە، بۆیە جگەلە پێشەکیەک و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوە و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا، سەرەتاکانی دەرکەوتنی سوپای میرنشینی بابان و هەیکەلیەی سەربازی میرنشینەکە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، تەوەرەی دووەم، باس لە ڕۆڵی ژینگەی هۆزایەتی کوردستان کراوە لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی سیستەمی سەربازی میرنشینەکەدا، لە تەوەرەی سێیەمیشدا کاریگەری دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی باس کراوە لەسەر لاوازکردن و دەست تێوەردان لە سوپای میرنشینی بابان.

**کلیلە وشەکان:** میرنشینی بابان، سیستەمی سەربازی، میر.

## تەوەرەی یەکەم: سەرەتاکانی دەرکەوتنی سوپای میرنشینی بابان و پێکهاتەی سەربازییان:

هەر لە سەرەتای سەدەی شازدە و لەکاتی دەرکەوتنی ناکۆکیەکانی نێوان دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، سوپای میرنشینی بابان لە چوارچێوەی سوپای عوسمانیدا بوو، بۆ بەرگریکردن لە ناوچەکانی لە دژی دەوڵەتی سەفەوی، بەڵام دواتر بەهۆی گۆڕانی هەڵوێستی سوڵتانەکانی عوسمانی بەرامبەر بە میر و میرنشینە کوردییەکان و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دوژمنکارانە بەرامبەریان، بۆیە سوپای بابانەکان لە ژێر فەرمان و چوارچێوەی عوسمانیەکاندا نەما(حسين،2000، ص7). زیاتر بەرەو سەربەخۆی هەنگاوی دەنا، میر بۆداق کوڕی میر ئەبداڵ (1501-1514)(الوائلي،2008، ص90-91). هەر لە سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی باباندا سوپایەکی گەورە و بەهێزی پێکهێنا بوو، بەجۆرێک بوو کە بتوانێت پایەکانی میرنشینەکەی پێ بوونیاد بنێی و بیپارێزێت، هەر بۆیە ئەم میرە، بۆ هەر میر سەنجەق و ناوچەیەک، کە سەر بەدەسەڵاتەکەی ئەو بووایە، تیپە لەشکرێکی بۆ ئاسایش و بەخێوکردنی ڕەعیەت دابوونێ(بڕوانە: حوزنی،2007، ل398).

دواتر سوپای میرنشینی بابان بە شێوەیەکی بەهێزتر دەرکەوت، بەتایبەتی دوای مردنی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە لە ساڵی و وەرگرتنی دەسەڵاتی میرایەتی لەلایەن بابا سلێمان لە ساڵی(1669) (الوائلي، 2008،ص101 یان بڕوانە، ئەمین،1998،ل48). سەردەمەکانی دواتریش دەسەڵات و توانای سەربازی میرنشینی بابان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڕادەیەک میرنشینەکە لە سەدەی هەژدەیەمدا بەهێزترین بنەماڵە و میرنشینی کوردی بووە، لەسەر موڵک و سنووری میرنشینەکانی دراوسێی وەکو سۆران و بادینان، فراوانخوازی و باڵادەستی خۆی چەسپاندووە، بە جۆرێک دەستیان بەسەر ڕەواندوز و کفری و کۆیە و قزڵجە و سروچک و قەرەداغ و هەولێردا گرت و دەسەڵاتیان تا کەرکوک ڕۆیشتووە(نورس،2017،ل154،153).

لە سیستەمی سەربازی میرنشینە کوردییەکاندا هەبوونی سوپایەکی بەهێز و ژمارەی زۆرتری چەکدار، نیشانەی پایە بەرزی و زۆریی دەسەڵاتی میرەکە بووە لە ناوچەکە و لەناو دراوسێکانیدا(ئەمین،2005،ل202). بۆیە زۆر لە میرەکانی بابان هەوڵیانداوە زۆرترین ژمارەی چەکدار کۆبکەنەوە و ساز و تەیاریان بکەن، بۆ نمونە، کاتێک سلیمان پاشای بابان لە ساڵی(1763-1764) بووە والی سنە و دەسەڵاتی وەرگرت، ئەم میرە هەستا بە سازکردن و ڕێکخستن سوپایەکی گەورە لە ئەردەلانی و بابانییەکان(بابان،1993،ص20 یان خدر،2014،ل288). هەروەها عەبدوڕەحمان پاشای بابان(1789-1813) توانی نزیکەی بیست هەزار چەکداری کۆبکاتەوە و سوپایەکی بەهێز پێک بهێنێت و لەسەر ڕاسپاردەی دەوڵەتی عوسمانی توانی هێزەکانی سلێمان پاشای والی بەغداد تێک بشکێنێت و لە تەختی حوکم لاببات(بڕوانە، جەلیل و ئەوانی تر،2013،ل14). ئەمەش بەهۆی یاخی بوونی ئەم والیە بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. هەر بۆیە مێژوو نوسێکی وەک لۆنگریک لە باسکرنی ماوەی فەرمانڕوایەتی عەبدوڕەحمان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

پاشای بابان دا دەڵێت'' دانان حاکمەکان و لێخستنیان لە ویلایەتێکی گەورەی تورک(بەغداد)دا لە تایبەتمەندییەکانی حکومەتی بابان بووە...''(لونگریک، 1985،ص278).

بەڵام بەهێزی میرنشینی بابان لە سەردەمی چەند میرێکیدا ئەوە ناگەیەنێت کە میرنشینەکە هەموو کات بەدەسەڵات بووە، بەڵکو دەست ڕۆیشتووی میرنشینەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی کەسایەتی میرەکە و چۆنیەتی بارودۆخی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی و هەروەها بارودۆخی ناوخۆی میرنشینەکەش، بۆنمونە، هەرچەندە میر بۆداقی کوڕی میر ئەبدال(1501–1514) توانیویەتی پایەکانی میرنشینەکە دابمەزرێنێت و فراوانی بکات و سوپایەکی بەهێز دابمەزرێنێت بەڵام دوای مردنی خۆی، برازاکەی کە بۆداقی کوڕی ڕۆستەم(1514–1516) بوو دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام کەسایەتیەکی لاوازی هەبوو بۆیە خەڵکەکەی و فەرماندە سەربازییەکانی گوێڕایەڵی نەبوون، هەروەها شوێن کەوتوانی مامیشی لێی هەڵگەڕانەوە، بۆیە ئەم میرە نەیتوانی بەرگەی ئەم دۆخە بگرێت و کۆچی دوایی کرد(الوائلي، 2008، ص91–92). بەمان شێوە میرنشینەکە لە سەردەمی عەبدلرحمان پاشای باباندا زۆر بەهێز بوو وەک لەسەرەو ئاماژەی پێکرا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە عەبدلرحمان پاشا کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو، ئەمە جگە لەوەی لەو کاتەشدا ئێران لەساڵی 1804 و عوسمانیەکانیش لە ساڵی 1806 سەرقاڵ بوون بەشەڕکردن لەگەڵ دەوڵەتی ڕوسیا، ئەمەش یارمەتیدەر بووە بۆ بەهێزی بوونی میرنشینەکە و سوپاکەی (لازاریف،2012، ل176) (بڕوانە:ئەڤیریانۆف،2004،ل19–22). بەڵام دوای کۆچی دوایی عەبدەڕەحمان پاشای بابان لە ساڵی (1813)، محموود پاشای کوڕی(1813–1834) دەسەڵات وەردەگرێت، کە لەسەردەمی ئەودا میرنشینی بابان وورده وورده بەرەو لاوازی و دارمان هەنگاوی دەنا و دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانیەکان بەخێرایی لە میرنشینەکەدا زیادی دەکرد(لازاریف،2012، ل176–177). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەهێزی سوپای میرنشی بابان لە میرێکەوە بۆ میرێکی تر یاخود لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی هەبووە.

سەبارەت بە پێکهاتەی سەربازی میرنشینی بابانیش، بە جۆرێک بوو کە میر خۆی لە لوتکەی هەرەمەکەدا بوو، سەرکردایەتی گشتی سوپاکەی دەکرد(جەلیل و ئەوانی تر، 2013،ل14). میر وەک خاوەن دەسەڵاتی یەکەم، شەڕ ڕاگەیاندن و پەیمان بەستن و دانان و لابردنی بەرپرسان تەنها مافی ئەو بووە(رسول،2015،ل201). لە زۆرکاتدا هاوشانی سوپاکەیان دەچونە مەیدانی شەڕ دژی دوژمنەکانیان(زكي بەگ، 2002،ص131). سەرەڕای ئەمەش میرەکان ئەرکەکانیان دابەش دەکرد و داوای پارە یان جەنگاوەریان لە هۆزەکان دەکرد، بۆ جێبەجێکردنی ئەم داوایەش ئەوە سەرۆک هۆز، سەرۆک تیرەکانی هۆزەکەی کۆدەکردەوە و داخوازییەکانی میری، وەک یەک بەسەر هەمووان‌دا دابەش دەکرد، سەرۆک تیرەکانیش هەریەکەیان پیاوەکانی خۆی کۆدەکردەوە و ئەرکەکانی بەسەردا دابەش دەکردن(ریچ، 2012،ل134). ئەندامانی تیرە و هۆزەکانیش بەتەواوەتی ملکەچیان بۆ فەرمانی سەرکردەکانیان هەبووە، هەروەکو گەڕیدەیەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات زۆرجار ئەندامانی هۆز بەشداری شەڕ و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

تێکڕژانێکی سەختیان کردووە، بەڵام نەیانزانیووە هۆی شەڕەکە چی بووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە سەرۆکەکەیان فەرمانی ئەو شەڕەی پێکردوون(سۆن،2007،ل76). هەر کاتێک کە میرنشینەکە پێویستی پێیان بووایە و سەرۆک هۆزەکانیشیان ڕازی بوونایە دەتوانرا بە ئاسانی کەڵک لە توانای سەربازییان وەربگیرێت.

هەندێک حاڵەتیش هەبوو، کە میری باوک میرنشینەکەی بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش دەکرد و هەریەکەیان ئۆتۆنۆمییەکی ناوخۆیان هەبوو، کە لەلایەن کوڕەکانیەوە هەڵدەسوڕێنران، ئەمەش بۆ ڕێگریکردن بوو لە ململانێ لەسەر دەسەڵات لە دوای خۆیدا، ئەم هەرێمە ئۆتۆنۆمیانەش لە شێوەی شار- قەڵا دابوون و زەویەکانی دەوروبەرشی دەگرتەوە(ئەسکەندەر،2004،ل100). کە هەریەک لەمانە خاوەنی هێزی سەربازی خۆی بوو، بۆ نمونە سەردەمانێک میرنشینی بابان لە قەلاچوالان، سلێمانی، کۆیە و ڕانیە پێکدەهات، کە هەریەکەیان لەلایەن میرەوە حاکمێکی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری شار و قەڵاکان بۆ دادەنرا و دەسەڵاتی بەرچاوی دەدانێ لەبواری هەڵسوڕاندنی کاروباری شارەکان و باج وەرگرتن و ناردنی هێزی سەربازی لەکاتی شەڕدا(ئەسکەندەر،2004،ل101).

دەربارەی مەشق و ڕاهێنانی جەنگاوەرانی سوپای میرنشینی بابان ، لە سەردەمی هەموو میرەکاندا وەک یەک نەبووە، بەڵکو بەزۆری لەسەردەمی میرە بەتوانا و لێهاتووەکاندا گرنگی زیاتری پێدراوە، ئەوەتا میر بۆداق کوڕی میر ئەبداڵ، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی باباندا ئەو سوپا گەورە و بەهێزەی، کە دایمەزراندبوو لە لەشکری پیادە و سواری پێکهێنابوو، دەبووایە ڕۆژی دووجار مەشقی تیرەندازی و شیروەشێنی و نێزەبازی و ئەسپ ئاژۆتن و بازدان بکەن، بۆ فێرکردنی سوپاکەشی، پیاوانی زانا و تێگەیشتووی کردبوونە مامۆستای نیشاندانیان(حوزنی،2007، ل398). هەروەها لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و لە کۆتاییەکانی میرنشینی باباندا، هەندێک لە میرەکانی بابان لەوانە، عەبدوڕەحمان پاشا(1789-1813) و ئەحمد پاشا کوڕی سلێمان پاشا(1838-1847) هەستان بە ئامادەکردن و مەشق پێکردنی سوپایەکی هاوچەرخ و دروستکردنی سەربازگەی نوێ بە چەکی پێشکەوتووی ئەوکات، پاشان هێنانی شارەزای بیانی لە ڕوسیا و فەرەنساوە بۆ ڕێکخستن و مەشق پێکردنی سوپاکەیان(بابان،1993،ص87).

هەرچی جۆری ئەو چەک و کەرەستە سەربازییانەش بوو کە لەلایەن سوپای بابانەوە بەکاردەهێنران، مەگەر تاک و تەرا چەکی باش و نوێیان هەبوو بێت، ئەگەر نا بەگشتی خراپ و دواکەوتو و کۆن بووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کوردستان وڵاتێکی پیشەسازی نەبووە، بۆیە کارگەی دروستکردنی چەکی تێدا نەبووە(ئەمین،2005،ل202). بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هیچکام لە میرەکانی بابان هەوڵی بنیاتنانی پیشەسازی دروستکردنی چەکیان نەدابێت، بۆنمونە، سلێمان پاشای بابان، کە یەکێک بووە لە میرە هەڵکەوتووەکانی میرنشینەکە، بایەخی زۆری بە پیشە و پیشەسازی داوە، یەکێک لەو پیشەسازییانەی سلێمان پاشای بابان خەریکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

دامەزراندنی بووە، دروستكردنی بارووت بووە(ئەمین،2005،ل583). لەسەرەتاكانی دروستبوونی میرنشینی باباندا، جەنگەكان هەر بە شمشێر و مەتاڵ و ڕم دەكران، جەنگاوەرانیش، بۆ خۆ پاراستن لە زەبری شمشێر و ڕم، زرێیان دەپۆشی و تاسكڵاو(خودە) یان لەسەر دەنا، ئەوكاتە چەكی ئاگردار لە كوردستاندا بڵاونەببووەوە(نازم بەگ،2013،ل44). بەڵام بەتێپەڕبوونی كات تاڕادەیەك گۆڕانكاری بەسەر جۆرایەتی چەكەكانی سوپای باباندا هاتووە و چەكەكانیان بەزۆری لە تفەنگی كۆنی پلیتەدار، هەندێك تفەنگی لە بابەتی ئەوانەی دەستی عوسمانی و ئێرانی پێكدەهات(بڕوانە، ئەمین،2005،ل202). سوپای میرنشینی بابان لە پیادە و سوارە پێكهاتبوو،بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا، هێزەكانی تۆپخانەش پەیدابوو، ئەمەش كاتێك بوو كە چەكی پێشكەوتوو و كاریگەرتری وەكو(تۆپ) لەناو سوپای بابانیدا پەیدابوو، وەک ئەوەی ڕیچ ئاماژەی پێدەكات، كە لەسەردەمی عەبدوڕەحمان پاشای باباندا سێ بۆ چوار تۆپیان لە دەربەندی بازیان دامەزراندووە، بۆ ڕێگریكردن لە هێرش و پەلاماری سوپای عوسمانیەكان(ریچ،2012،ل77). دواتریش لەسەردەمی ئەحمەد پاشای باباندا تۆپ لە شەڕەكاندا بەكارهاتووە(باقی،2002،ل123). هەر لەسەردەمی ئەم میرەدا كارگە بۆ دروستكرنی چەک و كەل و پەلی جەنگی دامەزرێنراوە(بابان،1993،ص87).

جگە لە چەكدار بوونی سوپای میرنشینی بابان و جەنگاوەری هۆزەكان، زۆربەی خەڵكی ئاسایی كۆمەڵگەش هەوڵی خۆ چەكداركردنیان داوە، چونكە لە نەریتی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردیدا، چەک بەهایەكی گەورە و نرخێكی كۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەتی لەلای هەموو كەس هەبووە، بەڕادەیەک چەک خشڵی خۆ ڕازاندنەوەی پیاوان بووە، چونكە لەناو كورددا نەریتی شەڕی ناوخۆی هۆزەكان لەگەڵ یەكتری هەبووە، هەروەها دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ئێرانیش نەک هەر سەر و سامانی خەڵک و ئاسایشیان نەپاراستووە، بەڵكو بەردەوام هەڵیانكوتاوەتە سەر خەڵكی ناوچەكە و باج و سەرانە و سەربازی زۆرەملێ یان لە خەڵكەكە سەندوە و ناوچەكانی كوردستانیان وێران كردووە، ئەمەش نەریتی بەرەنگاری هێزی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەكان، نەریتی جەردەیی و ڕێگری و یاخی بوون لە كاربەدەستانی بێگانەی هەمیشە لای خەڵكی كورد پەیدا كردووە و هاندەر بووە بۆ خۆ پڕچەک كردنیان(بڕوانە، ئەمین،2005،ل201). جگە لە مانەش، لە سۆنگەی ئەو هەموو شەڕە بەردەوام و یەک لەدوایەكانەی، كە دووچاری میرنشینی بابان دەبوونەوە، وایانكردبوو، بابانەكان و هۆزەكانی ژێر دەستی بابانەكان لە دیدی خەڵكی بیانیشەوە بە ئازایەتی و سوارچاكی و بەكارهێنانی شمشێر و ڕەم، ناوبانگیان دەركردبوو(sykes,1915,P555).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی سیستەمی هۆزایەتی لە پێکهێنانی سوپای میرنشینی باباندا:

پێکهێنانی هێزی چەکدار لە سەردەمی جەنگ و ئاشتی دا گرنگی گەورەی هەبووە، چالاکی و لاوازی و چۆنایەتی و چەندایەتی هێزی چەکدار دەوری بڕیاردەری هەبووە لە سەرکەوتن و تێکشانی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، هێز بۆ سەرکوتکردنی یاخی بوونی ناوەکی، یان بۆ پاراستنی خۆیان لە دەست دریژی دەرەکی زۆر پێویست بووە، ئەم میرنشینەش هەر لەسەرەتاوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، ئەو ڕێگەیەی گرتەبەر و کردی بەبنەمای سەرەکی کاری خۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد دەوڵەتی نەبووە، هەر بۆیە نەریتی پێکهێنانی سوپا و لەشکری جەنگیی و نیزامیشی نەبووە، لە زۆرترین کاتیشدا میرنشینەکە هێزێکی چەکداری ڕێکخراوی نەبووە(ئەمین،2005،ل201).

سەرەڕای ئەمانەش بونیاد و سەرهەڵدانی میرنشینەکان ڕەچەڵەکێکی خێلەکی هەبووە، ئەو سیما خێڵەکیەش لە سیستەمی سیاسی و سەربازیشیاندا ڕەنگی دابووەوە، هەربۆیە بەشیوەیەکی گشتی لەشکری سەربازی میرنشینەکە، پشتی بە هۆزەکان و پیاوەکانی هۆز بەستبوو(ئەسکەندەر،2004،ل7). بەڕادەیەک هۆزەکان بڕبڕەی پشتی میرنشینەکان بوون(ئەسکندەر، 2004، ل106). چونکە لەوکاتەدا لەنێو هۆزە کوردەکاندا بیری جەنگ زۆر بەهێز بووە(خەلفین،2107،ل27). ئەم ژینگە هۆزایەتیەش، بەتەواوەتی ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی چینایەتی و سیستەمی سەربازیدا هەبووە، بۆیە گەڕیدەیەکی وەکو ڕیچ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کوردانی خێڵەکی بە دەگمەن کشتوکاڵ دەکەن، یان هەر نایکەن، بەڵکو خەریکی جەنگاوەرین، بۆ خۆ جیاکردنەوەشیان لە گوندنشینەکان خۆیان ناوناوە (سوپا) یان (کوردی جەنگاوەر)(ریچ،2012،ل103).

ئەم پشت بەستنەی میرنشینە کوردییەکان بە هۆزەکان بۆ پێکهێنانی سوپایەکی سەربازی، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە لەلایەکەوە ئەندامەکانی هۆز ملکەچی کوێرانەیان بۆ فرمانی سەرکردەکانیان هەبوو، بێگومان بەهۆی ئەم گوێڕایەڵیەشیان دەتوانرا کەڵک لە توانای سەربازییان وەربگیرێت(سۆن،2007،ل76). لەلایەکی دیکەشەوە هەرا و ئاژاوەی هەمیشەییان وای لە ئەندامانی هۆزەکان کردبوو، کە پتر بە ئاگا و ئازابن و هەر لە منداڵییەوە فێری کاروباری جەنگیش دەکران، بۆیە دەنگی بڕیاردان لە دەست سەرۆکی هۆزە خێڵەکیە کۆچەری و نیمچە کۆچەرییەکاندابوو(خەلفین،2017،ل19). دیارە سیفەتی ئازایەتی لەلای جەنگاوەرانی هۆزە کوردەکان ئەوەندە زاڵبووە، کە مێژوونووسانی عێراقی سەردەمی عوسمانی لە نوسینەکانیاندا زۆر بەڕوونی ئاماژەیان پێداوە، بۆ نمونە،عەبدولڕەحمان سوەیدی بەغدادی، کە مێژوو نوسێکی هاوسەردەمی بەکر بەگی میری بابان بووە، لە باسکردنی ئەو ڕاپەڕینەی کە ئەم میرە لە ساڵی (1714) دژی والی بەغداد بەرپای کردووە دەڵێت " بەکر بەگ بە لایەنگرەکانی پشت ئەستوورە، کە ئەمەش وایکردووە ببنە قەڵقان بۆی و بە جەنگاوەرانێک دەوری قایم و پتەوە کە مرۆڤ و جنۆکە لە زیانیان بەدور نابن، ژمارەیان وەکو لمە، کە بە لێدانەکانیان کێو دەهەژێنن، دواتر بە پاڵەوان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

وەسفیان دەکات'' (البغدادي،ص137،2003). ئەمەش ئەوڕاستیەمان زیاتر بۆ دوپات دەکاتەوە کە هۆزەکان پێکهێنەری سەرەکی بونیادی سیاسی و سەربازی میرنشینی بابان بوون.

هەر لە سۆنگەی ئەو پێگە گرنگەی، کە هۆزەکان هەیان بوو، زۆرکات بۆ ڕاکیشانی سەرۆک هۆزەکان بەلای خۆیاندا و دروستکردنی سوپایەکی بەهێز لێیان، میرەکان هەستاون بە دابەشکردنی چەندین ناوچە و زەوی بەسەر دەست و پێوەند و سەرۆک هۆز و سەرکردە سەربازییەکاندا، چونکە میرەکانی بابان لە زۆرکاتدا، بە کردەوە زۆربەی زەوی و زارەکانیان لەبەردەستدا بووە(فەتاح بەگی جاف،1995،ل28 یان بڕوانە، ئەسکەندەر،2004،ل7). بەتایبەتیش هۆزە گەورەکانی کوردستان، چونکە خاوەنی ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەر بوون، لە نمونەی ئەو هۆزە گەورانە، هۆزی جاف بووە، کە دوانزە تیرەی دەوارنشینی هۆزەکە، لەدوای پەیمانی ئەرزڕۆمی یەکەم(1823)، نزیکەی چل و پێنج هەزار ماڵ بوون و زیاتر لە پەنجا هەزار سواری ئازا و نەترسیان بە ئەسپی چالاکەوە هەبووە، لە قەلەمڕەوی والی بەغدادا نیشتەجێ بوون(ئەمین،2005،ل152–153). ئەمانە لەڕووی سیاسیەوە سەر بە میرایەتی بابان بوون و لە لەشکرکێشیەکانی باباندا بەشدار بوون(ئەمین،2005،ل580).

بۆیە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە عەبدوڕەحمان پاشا(1789–1813)ی بابان هانی کوردە کۆچەریی و نیمچە کۆچەرییەکانیدا تا شێوەی کۆنفیدڕالیەتی جافایەتی خێڵەکی بگۆڕن بۆ جێگیر بوون لەناو میرنشینەکەی، ئەویش بە بەخشینی زەوی و زاری زۆر پێیان، لەبەر ئەمە میرەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بە بەراورد بە سەردەمەکانی پێشووتر، توانیان زۆرترین توێژە کۆمەلایەتییەکانی کوردستان لە بواری سیاسی و سەربازییەوە سازبدەن، ئەویش بەهۆی نەهێشتنی تاڕادەیەکی کۆسپە کۆمەلایەتیەکان و پێکهێنانی هێزێکی سەربازی، کە خەڵکی لە هەموو چین و توێژە کۆمەلایەتی و ئایینیەکاندا بە خۆوە گرتبوو، بەمەش ئەو داب و نەریتە ئەرستۆکراتیە کۆنە بەزێندرا، کە نەدەبوو کورە جوتیار و ناموسڵمان لە ڕیزی سوپادا کاربکەن(ئەسکەندەر،2004،ل10).

لە دەرئەنجامی ئەو هەوڵانەوە، کاتێک عەبدوڕەحمان پاشای بابان لە ساڵی(1810) پەلاماری بەغدادی دا بۆ لەسەر کار لابردنی سلێمان پاشای بچوک(1808–1810) لەسەر دەسەلاتی ئیالەتی بەغداد، هۆزەکانی کەرکوک چوونە پاڵ پاشای بابان و بوونە هاوکار و یارمەتیدەری، پاشای ناوبراو توانی لە هێزی ئەم هۆزانە سوودمەند بێت(شوانی،2009،ل140–141). هەروەها زۆرجاریش کاتێک میرەکانی بابان دوچاری هێرشی دەوڵەتی عوسمانی یان ئێرانی بوونەتەوە، داوای هاوکاری و بەهاناوە چونیان لە هۆزەکان کردووە، وەک ئەوەی کاتێک ئەحمەد پاشا(1838–1847)ی بابان لەلایەن لەشکری نەجیب پاشای والی بەغداوە هێرشی دەکرێتە سەر، داوای یارمەتی لە حەمە بەگی جاف دەکات بە دەنگیەوە بچێت، ئەویش لەشکرێکی بۆ پێکەوە دەنێت و دەچێتە پاڵ لەشکری بابانەوە دژی والی بەغداد(فەتاح بەگی جاف،1995،ل48). لە هەمانکاتدا ئەحمەد پاشای بابان داوای هاوکاری لە هۆزی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

هەمەوەنـدیش دەكـات دژی ئـەو هێرشـەی والـی بەغـداد بـۆ سـەر میرنشـینەكەی، بۆیـە هەمەوەندیـەكانیش لەگـەڵ سوپاكەی ئەحمەد پاشا لە نزیک كۆیسنجاق ڕوبەڕووی سوپاكەی نەجیب پاشا دەبنەوە(سۆن، 2007، ل53). ئەم ڕووداوە لە لەساڵی 1847 ڕویدا(ئیدمۆنس، بێ ساڵی چاپ،ل88).

لەوەی سەرەوە كە ئاماژەی پێكرا، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە هـۆز وەک یەكەیەكی كۆمەڵایـەتی و سیاسـی كۆمەڵگەی كوردەواری، كە بەگشتی بە مەڵبەندێكەوە بەستراونەتەوە، لەو ڕووەوە یەكەیەكی ئابووری و سـەربازیش پێكدەهێنن(بڕوانە:برونەسن،2003،ل78). ڕۆڵی كاریگەر و یەكلاكەرەوەیان بینیووە لە سـەركەوتن و پاڵپشـتیكردنی سوپای میرنشینی بابان، لە هەمانكاتدا هۆزەكان كاریگـەری نەرێنیشـیان لەسـەر سـوپای میرنشـینی باباندا هـەبووە، لەوانە پشتێكردن و پەلاماردانی میرنشینەكە لە كاتی لاوازی و تێكچونی بارودۆخی ناوخۆی میرنشینەكە، بۆ نمونە، بـەهۆی مردنـی میـر بـەكر بـەگ(1704-1716)ەوە، ئەحمـەد خـانی سـەرۆكی هـۆزی زەنگەنـە، دۆخـی خراپـی میرنشینەكەی بەهەل زانی و لە میرنشینی بابان هەڵگەڕایەوە و توانی زۆربەی ناوچەكانی ژێر دەستی میرنشـینەكە داگیر بكات، بەڕادەیەک دەویست لە دوا هەڵمەتیدا قەلاچوالانی پایتـەختیش بگرێت و بنەماڵـەی بابانـەكانیش بـەرە و نەمان و هەڵدیر بەرێت (بڕوانە،نازم بەگ، ل48-52).

یـاخوود زۆر جـار نـاكۆكی نێـوان هۆزەكـان و شـەڕی بـەردەوامی نێوانیـان، هۆزەكـانی بـەرەو لاوازی دەبـرد، ئەمـەش كاریگـەری خراپـی بەسـەر توانـای سـەربازی میرنشـینی بابـان بەجێدەهێشـت، چونكـە چەكداری هۆزەكـان بڕبڕەی پشتی سوپای میرنشینە كوردییەكان بوون، جا ئەم بەشەڕ هاتنەی نێوان هۆزەكان جگە لە چەند هۆكارێكی ناوخۆی و زەوی و زارو كۆمەڵایەتی، بە پیلانگێڕی و دەسیسـەی عوسمانی و ئێرانیەكانیش بووە، هەروەكو گەڕیدە و كوردناسێكی وەک (كەسپار دایمۆن) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهـەم ئاماژەی بـەوە كردووە، كە تـورک و ئێران لـەوە بێ هێزتـرن كە بتوانن بە چـەک سـەر بە كوردەكـان دانـەوێنن، لەبـەر ئـەوە ئاژوە ئەخەنـە نـاو هۆزەكانـەوە، یارمـەتی لایـەک ئـەدەن و لایـەكی تـر تیژ ئەكـەن وە هەمیشـە لـە مـەدا كـەڵكی خۆیـان وەردەگرن، یـاخود زانـای ڕوسـی(ڤ.دیتێل) كە زۆر بـە كوردسـتاندا گـەڕاوە تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەم دیاردەیـە و پێی وایـە، كاربەدەسـتانی عوسمانی زۆركەم نـاوبژی هـۆزە لەگـەڵ یـەک تێک چووەكانیـان دەكـرد، بـەڵكو بـە پێچەوانـەوە حـەزیان دەكـرد پتـر یەكتر لەناو بەرن، بۆ ئەم مەبەستە هانیشیان ئەدان، چونكە ئەمە بۆ مانەوە و پاراستنی ئاسایش لە توركیادا كـەڵكی هەبوو(وەرگیراوە لە، خەلفین، 2017، ل29).

بـە تێـڕوانین لـەوەی كـە لەسـەرەوە باسـكرا، بۆمـان دەردەكـەوێت عوسـمانی و ئێرانیـەكان سـەرەڕای سـوود وەرگرتنـی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ لـە هێـزی میرنشـینی بابـان و هۆزەكـانی ژێـر دەسـتی، بـەڵام هـەركاتێک دەرفەتێكیان بۆ هەڵكەوتبێت درێغیـان نـەكردووە لـە پـەلاماردانی میرنشـینەكە و بـە شـەڕدانی هۆزەكـان و ئەندامانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

بنەماڵەی میرانی بابان، ئەمەش لە پێناوی لاوازکردنی میرنشینەکە بووە تا ئەو ئەندازەیەی کە مەترسی بۆ سەر بەرژوەندییەکانی ئەم دوو دەوڵەتە دروست نەکات و میرنشینەکە بکەنە پاشکۆ و شوێنکەوتەی خۆیان.

## تەوەرەی سێیەم: کاریگەری دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی لەسەر سوپای میرنشینی بابان:

پەیدابوونی دوو دەوڵەتی زلهێزی عوسمانی و سەوفەوی، هەلومەرجێکی تازەی بۆ کورد هێنایەپێش، جەمسەری تێوەگلان و ململانێکانی ئەو دوو ئیمپراتۆرە لە کوردستاندا دەگەیشتنەوە یەکتر، میرنشین و فەرمانڕەوایان و سەرۆک هۆزەکانی کورد وەک هێزێکی کاریگەر لەو نێوانەدا بەدیارکەوتن، قورسایی و کاریگەری دەسەڵاتدارانی کورد لە کێشە ئاینی و سیاسی و سەربازییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە یەکجار گرنگ و چارەنووس سازبوو، بۆیە هەر دوو دەوڵەت هەوڵی ڕاکێشان و هێنانە ژێر باری کوردیان دەدا بۆلای خۆیان، جا چ بە ڕێکەوتن بێت، وەک ئەوەی سوڵتان سەلیمی یەکەم(1512–1520) بەناوەندگیری مەلا ئیدریسی بەدلیسی لە ساڵی 1515 پەیماننامەیەکی لەگەڵ میرنشینە کوردییەکان مۆرکرد(بڕوانە:حەمە کریم، 2008،ل42–52). یان بەزەبری هێز و زیندانیکردن بێت وەک ئەوەی شا ئیسماعیل ی سەفەوی(1501–1524) بەرامبەر سەردار و میرانی کورد لەساڵی(1505) کردی کاتێک بۆ پیرۆزبایی و پشتگیری چووبوونە لای شا ئیسماعیل(ئیسکندەر،2009،ل98–99).

هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ململانێی نێوان عوسمانیەکان و سەفەوییەکان لەسەر خاکی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چاوتێبڕینی هەردوو دەوڵەت بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچە ستراتیژەکەی کوردستان کە مەبەستیان بوو بیخەنە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان، جا چ بۆ مەبەستی قازانجی ئابووری بێت، بەهۆی بەپیتی زەوییەکەی، یان بۆ قازانجی بازرگانی بێت کە ئەوکاتە کوردستان شوێنی سەر ڕێگای بازرگانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووە، ئەوە جگەلەوەی دەیانتوانی سوود لە هێزی سەربازی ناوچەکە وەربگرن لە ڕێگای هێزە مرۆییەکە و شوێنە سەختەکانی کوردستان کە بۆ مۆڵگەی سەربازی بە کەڵک بوون (حمەدئەمین و عەبدولرحمان،2011، ل14). ململانێی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە هەر لەسەرەتای سەدەی شازدەوە کوردستانی خستە بارێکی پڕ مەترسی و نالەبەرەوە(ئیسکندەر،2009،ل128).

هەر بۆیە ئەو میرنیشینانەی کە لە نێوان هێزی عوسمانی و سەفەویدا دەرکەوتن بە دەگمەن ئارامی و سەقامگیری سیاسی و سەربازیان تێدا بووە، کە دەسەڵاتی میرنشینەکانیش بەبێ ئەم جۆرە سەقامگیرییانە ناتوانێت پەرە بسەنێت، بۆیە لەناو ئەڵقەیەکی داخراودا گیریان خواردبوو(سەلام،2004، ل61). ئەو چاو تێبڕین و گرنگی پێدانەی دەوڵەتانی داگیرکەر بەتایبەت عوسمانی و سەفەوی بۆ کوردستان و میرنشینە کوردییەکان، لە گرنگی

سەربازی كوردستانەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەبەر ئەوەی كوردستان مەڵبەندی جەنگاوەری لێوەشاوە و كارامەبووە، كە دەكرا بۆ هێرش و پەلامارە دەرەكیەكانیان سوودیان لێ ببینن(ئەسكەندەر، 2004، ل49). هەر بۆیە دەبینین زۆرجار میرەكانی بابان هەموو توانای سەربازی خۆیان لە ژێر ناوی جیهاد و یارمەتیەوە خستۆتە كار بۆ هاوكاریكردنی سوپای عوسمانی و ئێرانی دژ بە وڵاتانی ئەوروپی، بە تایبەتی عوسمانیەكان، كە لە هەموو جەنگەكانیان نەک هەر لە ڕۆژهەڵات بەڵكو لە ئەفریقا و وڵاتەعەرەبیەكان و ئەوروپا و گەمارۆدانی قەڵا و شوراكانی ڤییناش پشتیان بە گەنجان و جەنگاوەرانی كورد بەستبوو(هروتي، 2008،ص125-126).

لەم چوارچێوەیەدا فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە لە ساڵی(1663) لە پاڵ سوپای عوسمانیدا، بەشداری ئەو هەڵمەتە سەربازیەی كرد، كە سوڵتان محمدی چوارەم(1648-1687) كردیە سەر وڵاتانی ئەوروپی، بەتایبەتی نەمسا و ولایەتەكانی ئیاڵیا(الوئلي، 2008، ص100). هەروەها دواتریش میر سلێمانی كوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، كە بەناوی دین و جیهاد و هەر لە سەر داوای سوڵتانی محمدی چوارەم، لە ساڵی(1669) سوپایەكی گەورەی ئامادە دەكرد بۆ ئەوەی هاوشانی عوسمانیەكان، بەشداری شەڕ ڕووسەكان بكات، كە لەم شەڕەدا هۆكارێكی سەرەكی و كاریگەری سەركەوتنی عوسمانیەكان بوون، بۆیە سوڵتان چەندین دیاری بۆ نارد و نازناوی میری میرانی پێ بەخشی، بەڵام بەهۆی لێهاتووی ئەم میرە، ترس كەوتە دڵی كاربەدەستانی عوسمانی، بۆیە لەڕێگای گەڕانەوەی بۆ زێدی خۆی، لە ئەدرنە بە بیانووی پشوودان پێشوازییان لێكرد و بە فێڵ كوشتیان(حوزني،2007،ل431-433).

سەرەڕای ئەمانەش زۆرجار میرانی بابان لەسەر ڕاسپاردەی سوڵتانەكانی عوسمانی، توانای سەربازی خۆیان دەخستە خزمەتی والی بەغداد بۆ هێرش كردنە سەر ئێران، وەک ئەوەی كاتێک ئەحمەد پاشای والی بەغداد لە ساڵی (1723) جاڕی شەڕیدا لە دژی ئێران، لە چوارچێوەی ئەو ئامادەكارییە گشتیەدا كە بۆ شەڕی بەرامبەر ئێران كردی ، داوای لە خانە بەگ(1721-1728)ی میری بابان كرد كە هاوشانی سوپای عوسمانی بەشداری شەڕەكە بكات، میری بابانیش داوەكەی قبوڵ كردوو سەركردایەتی هێزێكی هەزار سوارەی بابانی كرد، لە ئەنجامدا هەردوو شاری (كرماشان) و (هەمەدان)یان لە ئێران داگیركرد(نازم بەگ، 2013، ل60-61). هەروەها لەشكر و سوارەكانی بابان بەشداری جەنگی ئێرانی-ڕووسی(1826-1828ز)یان كردووە بۆ پشتیوانی لە دەوڵەتی ئێران (باقی،2002،ل113). كەواتە ئەم میرنشینە كاریگەری بەسەر بارودۆخ و پەیوەندییەكانی عوسمانی و ئێرانی یەوە هەبووە و ڕۆڵێكی گرنگیشی لەململانێكانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا گێڕاوە(Eppel , 2008, p237-238). كە بێگومان ئەم ڕۆڵ بینینوو و پشتیوانی و هاوكارییە سەربازییانەی میرانی بابان پێشكەشی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانیان دەكرد لەكاتی شەڕو ململانێكاندا، زۆرترین كات مایەی نەهامەتی و لاوازبوون بووە بۆ میرنشینەكە چونكە سەرە ڕمی هێرشەكانیان لە سوپای میرنشین و خێڵە كوردییەكان پێكهاتبوو، كە ئەمەش زیانی زۆری گیانی لە ڕیزی جەنگاوەرانی كورد دەخستەوە(بڕوانە: هروتي، 2008،ص125).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

میرنشینە کوردییەکان لەگەڵ هەموو ئەو خزمەتە سەربازییانەی کە پێشکەشی ئەو دوو دەوڵەتەیان دەکرد، بەڵام هیچ پاداشت و یارمەتیەکیان لەلایەن عوسمانی و ئێرانیەکانەوە پێشکەش نەدەکرا بۆ ڕێکخستن و بەهێزکردنی سوپاکەیان، بەڵکو میرەکانی کورد لەناویشیاندا میرانی بابان، لەسەر تێچوو داهاتی میرنشینەکەیان گرنگیان بەهێزی سەربازیی داوە و بۆ پڕچەککردنی هێزەکانیان پشتیان بەیارمەتی و کۆمەکی دەرەوە نەبەستووە، ئەمەش وایکردبوو میرنشینەکەیان بارگرانیەکی دراویی ئەوتو لەسەر خەزێنەی ناوەندی عوسمانی و ئێرانی نەبێت(ئەسکەندەر، 2004،ل51).

سەرباری ئەوانەش کە باسکران دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ئێرانی دەیانەویست بونیادی سیاسی و سەربازی میرنشینەکان هەڵتەکێنن و لاوازییان بکەن و نەتوانن لەسەر پێی خۆیان بووەستن، بۆ ئەوەی ئەگەر دووچاری هەر ڕووبەڕووبوونەوە و ناکۆکیەکی ناوخۆیی و هێرشێکی دەرەکی هاتن، داوای یارمەتی و هاوکاری لە سوپای ئەم دوو دەوڵەتە بکەن، ئەمەش هەر لەسەرەتاکانی دامەزراندنی میرنشینی باباندا دەردەکەوێت، کاتێک حاجی شیخی کوری میر ئیبراهیم(1530–1534) پەنای بۆ شا تەهماسبی سەفەوی (1524–1576) بردووە بۆ وەرگرتنی یارمەتی لێی بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی بکاتەوە و دەسەڵاتەکەی وەربگریتەوە، کە لەلایەن میر سلێمانی بابان(1519–1530)ەوە کوژرا بوو، دەسەڵاتەکەشی زەوتکرابوو(هەروتی،2009،ل92). هەروەها حوسێن بەگی کوڕی میر سلێمانیش پەنا بۆ سوڵتان سلێمانی قانوونی(1520–1566) دەبات بۆ ئەوەی حوکمداری بەشێک لە خاکی بابانی لە میر بۆداغی کوڕی حاجی شێخ بۆ وەربگرێتەوە، کە لەساڵی(1535) دەستی بەسەر داگرتبوو (الوئلي،2008، ص94). بۆیە سوڵتان داوا لە هەموو کوردانی دراوسێی میرنشینی بابان کرد، کە هاوکار حوسێن بەگ بکەن دژی میر بۆداغ (بدلیسی، 2006،ل362). تاوەکو لە دوایدا ئەم پەنا بردنەی ئەندامانی بنەماڵەی میرانی بابان بۆ سوپای دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی دەبێت دیاردە و بە درێژای مێژووی میرنشینەکە دووبارە دەبێتەوە.

ئەم دوو دەوڵەتە سودیان لەو ژینگە هۆزایەتیەش بینیوە، کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە بۆ لاوازکردنی سوپای میرنشینی بابان، ئەمەش لە ڕێگای فرت و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و پەیمانی باق و بریقەوە بووە بە ئەندامانی بنەماڵەی میرانی بابان بۆئەوەی لە دژی یەکتر یان دژی میرنشینە کوردییەکانی تر بەکاریان بهێنن و دەست لە کاروباری میرنشینەکە وەربدەن ئەمەش کاریگەری لەسەر لاوازکردنی توانای سەربازی و بەرگری میرنشینی بابان هەبوو، ئەمەش کاتێک ڕوویدەدا، کە زۆرجار دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی، لەو هێرشانە دەیانکردە سەر میرنشینێک یان ناوچەیەکی کوردستان ژمارەیەک لە میر و بنەماڵە و خێڵە کوردییەکانیان هاندەدا، بۆئەوەی بەخۆیان و هێزەکانیانەوە لەگەڵیان بەشدار بن(بڕوانە، نازم بەگ،2013،ل288–291).

ئەم دیاردەیەش، کە باسکرا لە مێژووی میرنشینی باباندا زۆر بە ئاشکرای بەرچاو دەکەوێت، بەجۆرێک هەمیشە باوک و کوڕ و برا و ئامۆزایان لەیەک دەکردە دوژمن، بەو ئامانجەی میرنشینی بابان هەرگیز نەبێتە خاوەنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

هێزێکی وا کاریگەر، کە مەترسی هەبێت بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی(قەفتان،1985،ل14). تەنانەت لەهەندێک باردا میرەکان خودی خۆیان سەرپەرشتی ئەم کردە سەربازیانەیان دەکرد دژی یەکتر، کە بە فەرمانی دەسەلاتدارانی عوسمانی و ئێرانی ئەنجامیاندەدا، وەک ئەو هێرشەی لە ساڵی(1769) لەلایەن میر بابانەوە ئەنجامدرا، کاتێک لەلایەن عوسمانیەکانەوە ڕاسپێرابوو بۆ لێخستنی ئیسماعیل پاشای میری بادینان بە زەبری هێز(هەروتی،2013،ل67).

هەڵکەوتەی شوێنی جیۆپۆلیتیکی میرنشینی بابانیش کاریگەری لەسەر سیستەمی سەربازی میرنشینەکە هەبووە، بەهۆی ئەوەی کەوتبووە سەر سنووری ئێرانی و عوسمانی، وایکردبوو یەکێک بێت لەو میرنشینە کوردییانەی، کە کاریگەری زۆری ناکۆکییە سنوورییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەی پێوەدیاربێت، بەجۆرێک لە زۆربەی سەردەمەکاندا تەنیا سنوورێکی سەربازی بووە و هەمیشە لە باری جەنگ و شەڕوشۆڕدا بووە، خۆ ئەگەر بۆ ماوەیەکیش دەورانێکی ئاشتی بەخۆیەوە بینیبێت ئەوا تەنیا لەسایەی ترس و شەکەتی سەربازی هەردوو لا بووە(بڕوانە،عەبدوڵلا،2015،ل13).

ئەمەش ڕەهەندێکی دوولایەنی لە بواری سەربازیدا بە میرنشینەکە بەخشی بوو، لەسەرێکەوە ئەم هەموو شەڕ و پەلامار و ململانێ زۆرانە لە زۆر کاتدا توانای سەربازی میرنشینەکەیان هەڵپروکاندبوو، لەسەرێکی دیکەشەوە وای لە میرە یەک لە دوای یەکەکانی میرنشینەکە کردبوو، هەمیشە لە بیرکردنەوەی ئەوەدابن، کە سیستەمی سەربازی میرنشینەکەیان بەهێز بکەن هەر لە دروستکردنی سەربازگە و بنیاتنانی قەڵای سەربازی بەمەبەستی خۆپارێزی و بەرگری لە دژی شاڵاوی داگیرکاری وڵاتانی عوسمانی و ئێرانی، لە نمونەی ئەم میرانەش، ئەحمەد پاشای بابان(1838-1847) بوو، کە هەر دوای دەست بەکاربوونی، بەپەلە کەوتۆتە تەقەڵڵا و کاری هەمەلایەنە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و چەسپاندنی ئاسایش و مەشق پێکردن و ڕێکخستنەوەی سوپای بابان لەسەر شێوەی نوێ و چوار تیپی هەزار کەسیی پێکهێناوە و پلەی سوپای بۆ دیاریکردوون(باقی،2002،ل120). بۆیە نالی شاعیریش، شعری ستایشی بۆ ئەم سوپایەی ئەحمەد پاشا نووسیوە، کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

ئەم تاقمە مومتازە، کەوا خاصصەیی شاهن

ئاشۆبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

صەف صەف کە دەوەستن، بە نەظەر خەططی شوعاعن

حەڵقە کە دەبەستن، وەکو خەرمانەیی ماهن(مکایەڵی، 1976،ل340-341).



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020**

دیارە ئەم ستایش کردنەی شاعیریش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە ئەحمەد پاشا هەڵپەیەکی زۆری تەیارکردنی سوپاکەی کردووە، بەڕادەیەک سوپایەکی بچوکی مەشق پێکراوی لەسوپای ئەوروپایی چووی پێکهێنا(قەفتان،1985،ل40).

تەنانەت لە زۆرکاتدا میرەکان لە دیاریکردن و دروستکردنی پایتەختەکانی میرنشینەکەشدا ڕەچاوی سیستەمێکی بەرگری سەربازی بەهێزیان کردبوو، بۆ نمونە، هەرچەندە قەڵاچوالان ناوچەیەکی شاخاوی لاپەڕ بوو، ئەگەرچی لەکاتی تەنگانەدا لە ڕووی سەربازیشەوە بەهای خۆی هەبوو، بەڵام پایتەختە تازەکە(سلێمانی)(شوانی،2002،ل17). پێچەوانەی ئەو بوو، کە کەوتبووە ناوچەیەکی کراوەی بێ قەڵا و شوورە، لەبەر ئەوە نەدەکرا بە ئاسانی لەبەردەم شالاوی بێگانەدا پارێزگاری لێبکرێت، لەم بەراوردکردنەی نێوان پایتەختی کۆن و نوێ ئەوە هەڵدێنجین، کە دروستکردنی سلێمانی ڕەنگدانەوەی متمانە بەخۆ بوونێکی گەورەی بابانەکانە بە توانای سەربازییان و ئارەزووەکانی ئایندەییان(ئەسکەندەر،2004،ل146).

کەواتە بەگشتی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا میرنشینی بابان پایتەختەکەی هەر کوێیەک بوو بێت و میرەکەی هەرکەسێک بوو بێت، ویستوویانە میرنشینەکە بکەنە شوێنەکەوتووی خۆیان و کەڵک لە توانا سەربازی و مرۆیی و ئابوورییەکەی وەربگرن، چ لە ململانێی نێوان خۆیاندابێت یان لە شەڕو پەلامارەکانیان دژی ئەوروپییەکان بێت بەکاریان بهێنن، میرەکانی بابانیش هەستیان بەو نیازەی عوسمانی و ئێرانیەکان کردبوو، کەوتبوونە نێوان بەردەشی ئەم دوو دەوڵەتەوە، کە شەڕ و ململانێیەکی مێژووی و مەزهەبی لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام میرەکانی بابان بەهۆی ناکۆکیە ناوخۆیەکانیان و بەهێزی ئەم دوو دەوڵەتە و باڵادەستی سیستەمی خێڵایەتی و دەرەبەگایەتی بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا و چەندان هۆکاری تریش نەیان توانی بۆماوەیەکی دورودرێژ ببنە هێزی سێیەم لە ناوچەکەدا .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## ئەنجام:

لە دوای خستنەڕووی توێژینەوەکە، دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- بەدرێژایی مێژووی میرنشینی بابان، توانای هێزی سەربازیەکەشی لە قۆناغی هەڵکشان و داکشاندا بووە، لە میرێکەوە بۆ میرێکی دیکە گۆرانکاری بەسەرداتووە.

2- سوپای میرنشینی بابان لە زۆرترین کاتدا سوپایەکی نارێکخرا و خێڵەکی بووە، کە ئەمەش زۆر کات دەبووە هۆی لاوازی سوپای میرنشینەکە.

3- هەرچەندە میرانی بابان لە لوتکەی هەرەمی دەسەلاتی میرنشینەکەدابوون، بەلام هۆز و خێڵەکان ڕۆڵی گەورەیان لە پێکهێنان و ئاراستەکردنی سوپای میرنشینەکەدا هەبووە.

4- بوونی هەڕەشەی بەردەوامی عوسمانی و ئێرانیەکان لەسەر کیانی و سەروەری میرنشینەکە وایکردووە زۆر لە میرەکانی بابان هەر لەگەڵ بوونیان بە میری میرنشینەکە، ئیشی یەکەمیان لە بەهێزکردنی سوپا و ئامادەکاری سەربازیدا خۆی ببینێتەوە.

5- ناکۆکی و دوبەرەکی ناوخۆیان، کە زۆرکات بەهۆی دەستێوەردانی عوسمانی و ئێرانیەکان بووە، یان پەلاماری ڕاستەوخۆی ئەم دوو دەوڵەتە، ، توانا سەربازییەکانی میرنشینەکەی زۆر لاواز و سنورداركردبوو.

6- ئەو چەک و کەرەستە سەربازییانەی کە لەلایەن سوپای بابانەوە بەکارهاتووە زۆر سادە و ساکار بوون، هەتا لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە تۆپ و چەکی تارادەیەک باشتر لەلایەن سوپای بابانەوە بەکار دەهێنران.

7- ئامادەگی گەورە و کاریگەری هۆزەکان لە بنیاتنان و ڕەنگرێژکردنی سیتسەمی سەربازی میرنشینەکەدا، کە هەرچەندە خاڵی بە هێزی میرنشینی بابان بووە، لە هەمانکاتیشدا زۆرجار بوونە هۆی شکست پێهینان و بەرەو هەڵدیر بردنی میرنشینەکە.

8- لەیەک چونێکی تارادەیەک زۆر لە نێوان سوپای میرنشینی بابان و هێزەکانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان، ئەویش لە ڕۆڵی کاریگەری هۆز و بنەماڵە و کەسایەتیەکاندا خۆی دەبینێتەوە لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا، کە ئەم دیاردەیە لەناو سوپای بابانیشدا زۆر باوبوو، سەر ئەنجام بە خاڵیکی لاواز بۆ میرنشینەکە و هێزەکانی ئەمڕۆ هەژماردەکرێت.

9- بەکارهێنانی هێزەکانی میرنشینەکە لەلایەن عوسمانی و ئێرانیەکان بەناوی غەزا و جیهادەوە، یاخود بەکارهێنانیان لەدژی خێڵ و میرنشینە کوردییەکانی دیکە، کە ئەمەش بە زیان میرنشینەکە بەگشتی و سوپاکەی بەتایبەت دەشکایەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

# The Militaristic system in the Principality of Baban

**Bakhtyar Mustafa Homar**

Hajyawa Preparatory School, Directorate of Education in Ranya, General Directorate of Education in Sulaimani, Ministry of Education, Kurdistan Region, Iraq.

E-mail: Baxtyarmustafa2@gmail.com

**Abstract:**

The Principality of Baban has a long history, which have been through many phases of power, falling, and rising, and along these phases its militaristic system from an era to the other and from a prince to another has changed to a point. But in general the concern of the princes of Baban in the field of military has not only been coherent, by some of them, but each who had the chance wanted to have a huge and powerful army to defend themselves and extend the borders of their Principality. That step has always been in the direction of opposing the Ottoman and Persian Empires, because these two empires never wanted the Principality of Baban to have an army and a prince that would be a threat to them. So in that case the Principality has always faced the charges and conspiracies of these two empires, either by direct charges or by tricking and using the members of the families of Baban Princes against each other, or creating struggle between the Kurdish Principalities. Furthermore, the geopolitic of the Principality of Baban, which was between the Ottoman and the Persian Empires, was a reason for the Principality to be the bordering struggles of both empires and make the Principality of Baban the arena of the liquidation of their contests, and face the instabilities of politics, economy, community, and military to the Principality. The tribal and feudalistic situation that was customary in Kurdistan, was effective in establishing the army of Principality of Baban, in a way that the soldiers and knights of the tribes were the backbone of the army.

**Key Words:** Principality of Baban, Militaristic System, Prince.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## سەرچاوەکان


بەختیار سەعید مەحمود شوانی، کەرکوک لەسەدەی نۆزدەهەمدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، 2009.

پ. ی. ئەڤیریانۆف، کورد لە جەنگی ڕوسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، وەرگێڕانی:دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی،بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ک)، سلێمانی، 2004.

جەلیلی جەلیل و م.س لازاریف و م. ا. حەسرەتیان و شاکرۆ محۆیان و ئۆڵگا جیگالینا، شۆرشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی بەهادین جلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەلێر، 2013.

حسێن نازم بەگ، مێژووی میرایەتی بابان، وەرگێڕانی حسێن حەسەن کەریم و سدیق سالح، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی، 2013.

حەسەن محموود حەمەکریم، مەلائیدریسی بەدلیسی ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا، چاپخانەی چوارچرا، 2008.

سەعد بەشیر ئەسکەندەر(دکتۆر)، سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، وەرگێڕانی: جەوهەر کرمانج، چاپخانەی داناز، سلێمانی، 2004 .

سەعدی عوسمان هەروتی(دکتۆر)، چەند لایەنێکی ڕامیاری وکۆمەڵایەتی وئابووریی کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،2013.

سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عەرەب،و: حامیدگەوهەری، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر، چ3، بێ شوێن و ساڵی چاپ.

شاری سلێمانی لە ساڵی(1784) لەسەر دەستی ئیبراهیم پاشای بابانەوە دروستکراوە، خانوو و مزگەوت و حەمام و بازاڕ و خانی تێدا بنیاتنان و مەرکەزی میرنشینەکەشی لە قەلاچوالانەوە گواستەوە سلێمانی ، بڕوانە، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی 1918-1932، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2002، ل17 .

شەرەف خانی بدلیسی:شەرەفنامە،وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، دەزگای ئاراس، چاپی سێهەم، 2006، هەولێر.

شەمسی محەمەد ئیسکندەر، مێژووی کورد لە سەدەی 16 هەمدا، وەرگێڕانی: شوکر مستەفا، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، 2009 .

عومەر خدر خدر، میرنشینی ئەردەڵان لە نێوان ساڵانی 1799 – 1867ز دا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2014.

کاوس قەفتان(دکتۆر)، چەند لێکۆلینەوەیەک لە مێژووی بابان و سۆران و بۆتان ، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ، 1985.

کلودیوس جەیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێڕانی محەمەد حمە باقی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چ5، هەولێر، 2012.

کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، بێ چاپخانە، 1995، بەغداد.

گۆران سەلام، کاریگەری خێڵ و ئایین لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە نێوان ساڵانی 1847-1881، چاپخانەی کەمال، چاپی سێیەم،هەلێر، 2004.

م.س.لازاریف، مێژووی کوردستان، و: وشیار عەبدوڵلا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەلات،چاپی پێنجەم، هەولێر، 2012 .

مارتین فان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەولەت، وەرگێڕانی: د.کوردۆ عەلی،بەرگی یەکەم، چاپی چوارەم، سلێمانی، 2003 .

محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لەبەڵگەنامەکانی قاجاریدا 1799-1847، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2002.

مەلا خدر ئەحمەد شاوەیسی میکائلی، لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کریم ،دیوانی نالی، دەزگای ئەکادیمیای کوردی، بەغداد، 1976.

مەیجەر سۆن، سلێمانی ناوچەیەک لە کوردستان، وەرگێرانی مینە، بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، 2007.

موسی کاظم نورس، فەرمانڕەوایی مەملوکەکان لە عێراقدا، وەرگێڕانی: عوسمان عەزیز عەللاف، چاپخانەی تاران .

ن. أ. خەلفین، ململانێ لەسەر کوردستان، وەرگێڕانی: جەلال تەقی، چاپخانەی تاران، 2017.

نەجاتی عەبدوڵڵا(دکتۆر)، کوردستان و کیشەی سنووری ئێرانی – عوسمانی (1639-1847)، چ2، چاپخانەی موکریان، هەولێر، 2015.

نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد و عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ، 2005.

نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، چاپی دووەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، 1998.

ئەحمەد حەمەد ئەمین و دڵشاد مەحموود عەبدولرحمان، کاریگەری پەیماننامەی زەهاو 1639 لەسەر کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2011 .

ئی. بی. سۆن، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007.

–حوسێن حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی،بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

المستر ستيڤن هيمسلي لونگريک، اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ت: جعفر الخياط ، ط6، بغداد، 1985 .

جمال بابان ، بابان في التاريخ ومشاهير البابانيين، مطبعة الحوادث، بغداد، 1993.

سعدي عثمان حسين، إمارة بابان في النصف الأول من القرن الثامن عشر، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، 2000.

سعدي عثمان هروتي، كوردستان و الامبراتورية العثمانية دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان 1514-1851م، مطبعة خانى، دهوک، 2008.

عبد ربه ابراهيم الوائلي، تاريخ الإمارة البابانية، مؤسسة دار الزمان، دمشق- سوريا، 2008.

عبدالرحمن بن عبدالله السويدي البغدادي، حديقة الزوراء في سيرة الوزراء، تحقيق: الدكتور عماد عبدالسلام، مطبعة المجمع العلمي، بغداد، 2003.

محمد أمين زكي بگ، تأريخ السليمانية وأنحانها، ترجمة: جميل بندي الروژبياني، الطبعة الثانية، مطبعة وزارة الثقافة، السليمانية، 2002.

Col. Sir Mark Sykes, The Caliphs last Heritage A Short History of The Turkish Empire, London, 1915.

Micael Eppel, The Demise of the Kurdish Emirates The Impact of Ottoman Reforms and International Relation on Kurdistan during the first Half of the Nineteenth Century, Publisher Routledge, London, 2008.

رسول ابراهیم رسول، ڕێکخستنی هێزی سەربازی میرنشینە کوردییەکان (میرنشینی حەسەنوەیهی و مەڕوانی) بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، (2015)Vol.2 No.4 .

سەعدی عوسمان هەروتی(دکتۆر)، پەیدابوونی میرنشینی بابان، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە 13، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2009.